**له ژماره 7 گۆڤاری زنار بۆ دۆسیه‌ی (ئیسلامی سیاسی، ئامانجو ڕەهەندەکانی) هەندێک پرسیارم ئاراستە کرا، ئەمەی خوارەوە دەقی وەڵامی منە بەو پرسیارانە. سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئەو دەقەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوبۆتەوە لە زۆر جێگا ڕستەو ووشەی لێ قرتێنراوە. هەروا ئەو دەقە کە خۆی وەک گفتو گۆیەک سازدراوە لە گۆڕینی بۆ ووتارێک لە هەندێک جێگادا بێ ڕەبتیو نارێکی پێوە دیارە. بۆیە بە پێویستم زانی دەقی ئەم گفتوگۆیە بەر لە دەستکاری بخەمە بەردەمی خوێنەران.**

**شەماڵ علی**

## ئامانج لە کارکردنی ئیسلامی سیاسی چی‌یە؟

ئیسلامی سیاسی جووڵانەوەیەکی کۆنەپەرستانەی هاوچەرخە کە ئیسلام وەک ئایدۆلۆجیایەک بەکاردەهێنێتو دەیەوێت پیداویستیەکانی سازدانەوەی ڕاستڕەویی لە کۆمەڵگادا فەراهەم بهێنێتو بۆشاییە ئایدۆلۆژیو سیاسیەکانی ئەم ڕاستڕەویە پڕ بکاتەوە. ئیسلامی سیاسی جووڵانەوەی ژێرپێنانی سادەترین ئازادیو مافەکانەو دەیەوێت خۆی بخاتە خزمەت ئەو چینە کۆمەڵایەتیانەوە کە پەرەگرتنو کرانەوەی کۆمەڵگا لەگەڵ قازانجو بەرژەوەندی‌یەکانیان نایەتەوە. ئامانجی ئیسلامی سیاسی وەک ئەحزابو هێزی سیاسی بە دیاریکراوی برێتی‌یە لە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیو جیبەجیکردنی ئەجێندای دژی ئازادیو دژی ئینسانی خۆیان.

ئیسلامی سیاسی ئامانجیەتی کە لە ڕیگای بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە لەمپەر بخاتە بەردەم مۆدێرن بوونی کۆمەڵگاکانو بوار بە فراوانبوونەوەی مەوداکانی ئازادیە فەردیو کۆمەڵایەتیەکان نەدات. لە کوردستاندا بە تایبەتی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت لە هەلومەرجی سەرگەردانیو ئەزمەی قووڵی کوردایەتی سوود وەربگرێتو گورزی سەرکوتو بەربەست دروستکردن لە بەرامبەر مۆدێرن بوونو کرانەوەی کۆمەڵگا لە دەست دەسەڵاتدارانی ئێستا دەربهێنێتو خۆی ئەرکی پاراستنی قازانجو بەرژەوەندیەکانی چینە داراکانی کۆمەڵگاو درێژەدانی بێ مافیو نایەکسانیو دیلهێشتنەوەی کۆمەڵگا لە ئەستۆ بگرێت.

## بۆچی ئاین بۆ ململانێی سیاسی بەکاردەهێنرێت؟

لەبەر چەند هۆ کە بە بڕوای من گرنگترینیان ئەمانەن: یەکەم ئەوەیە کە ئاین دەتوانێت چەکیکی ئایدۆلۆژی کارا بێت بۆ کۆکردنەوەو هەڵخراندنی هێزیکی تۆکمەو بە دیسیپلین. ئیسلامیەکان دەتوانن لە ڕیگای دەقە ئاینیەکانەوە سیاسەت بەرنە بچکۆلەترین جوغزی ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە. هیچ بیرباوەڕێک، بە ئەندازەی ئاین نەیتوانیوە سنوور بۆ ئازادیەکانی تاک دابنێتو زەمینەی توانەوەیان لە گرووپدا فەراهەم بهێنێت. هیچ ئایدۆلۆژیایەکی مۆدێرن، چەندە چەپینەریش بێت ناتوانێت لە بواری بێ نرخ کردنی تاکو بەرتەسک کردنەوەی مەودای ئازادیو ئیختیارەکانی تاکدا بە پاژنەی پێی ئیسلام بگات. ئاین بەگشتیو ئیسلام بە تایبەتی تەنها کۆمەڵیک سروتی خواپەرستی نیە، بەڵکو لە لایەنێکیدا سیستەمێکە لە بەهای ئەخلاقی کە ئابڵوقەیەکی سەرسوڕهێنەری هەڵسوکەوتی ئینسانەکان دەداتو نوزە لەبەر ئازادیان دەبڕێت. بەکارهێنانی ئایین لە بواری سیاسەتدا هێزێکی گەورە بە ئیسلامیەکان دەبەخشێت بۆ کۆکردنەوەو ئاراستە کردنی ئەو هێزەی لە دەوریان کۆدەبێتەوە، بەم مانایەش ئیسلامو ئاین بە گشتی هێزیکی هەڵخڕێنەری گەورەی هەیە.

دووەم ئەوەیە کە ئاین خەرمانەیەک لە پیرۆزی بە دەوری سیاسەتو بەرنامەی ئیسلامیەکانەوە دروست دەکات. ئیسلامیەکان بۆیان دەکرێت لە ڕێگای ئاینو شەریعەتەوە، کە سیستەمێکی یاسایی سەرکوتگەرانە بووە تەنانەت بۆ کۆمەڵگاکانی 1400 ساڵ لەمەوپێشیش، ناشیرینترین بەرنامەو دزێوترین سیاسەت بە پیرۆزو کەلامی خوا لە قەڵەم بدەن. بۆ نموونە تۆ بیهێنە بەرچاوت ئەگەر هێزیکی سیاسی مۆدێرن بێتو بڵێت بەرنامەی من بۆ ڕێگاگرتن لە تاوانی ئازاردانی جەستەیی منداڵ ئەوەیە هەر باوکیک لە مناڵەکەی بدات پەنجە توتەی دەقرتینم، چی ڕوودەدات؟ کۆمەڵگا شۆک دەبێت. بەڵام ئیسلامیەک دەتوانێت زۆر سادە بە پشتیوانی شەرع سزای زۆر لەوە دڕندانە ترو نائینسانی تر بە ڕەوا لە قەڵەم بداتو پەنجا ئایەتو سەد حەدیست بۆ دەهێنیتەوەو

دەیسەلمینیت کە ئەو سزایە عەینی شەرعو عەدالەتی ئیلاهییە. بەکارهینانی ئایین لە لایەن ئیسلامیەکانەوە ئەوان لە موناقەشەی عەقلانیو ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی سیاسەتو بەرنامەیان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگادایە مەعاف دەکات. دەتوانن هەر دزێویەک بە شەرعو قانونی ئیلاهی تەبریر بکەن.

سێهەم ئەوەیە کە ئاین خۆی لە خۆیداو ئیسلامیش وەک هەر ئاینیکی تر دەسەڵاتە. مەبەستم هەر دەسەڵاتیکی مەعنەوی نییە بەڵکو دەسەڵاتیکی ماددیو بەرجەستەیە. ئاین بە پێچەوانەی تیگەیشتنیکەوە کە بەسەرماندا دەسەپێنرێت، کۆمەڵیک بیروباوەڕو سروت نییە. بەڵکو دامودەزگاو ئەختەبوتێک لە ڕیکخراوو کۆمپانیاو دامەزراوی ئابووریو سیاسیو فەرهەنگییە. لە هەر جێگایەک دوو مەلا بیانەوێت حزبیک پیک بهێنن سەرباری ئیعتیباریکی مەعنەوی کە سەنعەتی تەجهیلی سەدان ساڵە پێی داون، هەر ئیمکاناتیک دەیانەوێت لەبەردەستیاندایە. ئاین بە گشتی بیزنیسیکە کە چینە دەسەڵاتدارەکان بە درێژایی مێژوو بەو ئەندازەیەی بۆ پاریزگاری دەسەڵاتیان سوودیان لێ بینیوە، بەو ئەندازەیە پارەو ئیمکانیاتیان لەم بیزنیسەدا وەبەرهێناوە. ئەحزابێک کە دەیانەویت سوود لە ئایین وەربگرن، لە ڕاستیدا لە یەکەم ڕۆژەوە سەرمایەیەکی خەیاڵیو سەرچاوەی پولو پارەی بێ حیسابو کیتابیان لەبەردەستایە. دامەزراوەی مزگەوتو میکانیزمیکی جیکەوتوو لە پەیوەندگرتنو هەڵخڕاندنی هێزیان بۆ فەراهەمە.

## پێتوانیە کە ئەمە ناکۆکی لەگەڵ ناوەرۆکی ئایندا هەیە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە زۆرتر پشت دەبەستێت بە تێگەیشتنمان سەبارەت بە ئایین، ئەگەر تۆ پیت وابێت کە ئایین کاری شەخسی ئینسانەکانەو نابێت لە کاروباری کۆمەڵایەتیو بە تایبەت لە دەسەڵاتدا ڕۆڵی هەبێت، ئەو دەم بەڵێ بەکارهێنانی لە کایەی سیاسەتدا ناکۆکی لەگەڵ ئەو جۆرە تێگەیشتنە هەیە. بەڵام ئەوە تێگەیشتنێکی هاوچەرخە لە بابەت ئایینەوە. لە مێژوودا ئایین هەمیشە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی هەبووەو هەمیشە بەشیک لە دەسەڵات بووە، یان هەوڵی داوە بەشیک بێت لێی. ئیسلام لە لایەن ئیسلامیەکانەوە بە شمشێرو کیتاب، ئایینو دەوڵەت پێناسە دەکرێت. من پێم وایە لە مێژوودا بەڵگەی زۆرتر بۆ ئەو تیگەیشتنەی ئەوان هەیە، تا ئەوەی پێی وایە ئایین دەبێت بایەخ بە ڕەهەندی ڕۆحی تاکەکان بدات.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت کارێک بکەین کە ئایین لە کایەی دەسەڵات بکەینە دەرەوەو بیکەینە بەشێک لە شتە تایبەتەکانی هەر کەسێک، دەبێ خەبات بۆ ئەمە بکەینو ئایینو ئیسلام بخەینە ژێر گوشاری ڕەخنەی عەمەلیەوە، دەبێ ئەمە بەسەر ئاییندا فەرز بکەین. عەلمانیەتو سەندنەوەی ئەو مافە لە ئایین کە ژیانی ئێمە لە قالب بدات، حاڵەتیکە لە بوونی ئایین کە دەبێت خەباتی بۆ بکەین. مەبەستم ئەوەیە کە عەلمانیەکان ئەرکیان ئەوە نییە لەسەر بنەمای ئایین خۆی لێکدانەوەیەکی تر بۆ ئایین بکەن. با لێگەڕیین ئایینیەکان خۆیان، پاش ئەوەی ئایین بە زەبری خەبات لە کایەی کۆمەلایەتیو دەسەلات دەکرێتە دەرەوە ناوەرۆکی ترو پیناسەی ترو کاری تر بۆ ئایین بدۆزنەوە. لە میژووی هاتنەدی سیستەمی عەلمانی لە وولاتانی ڕۆژئاوادا ئەم کێشەیە هەر بەو جۆرە یەکلایی کراوەتەوە، پالەوانەکانی فیکر چەند دەیە، بگرە چەند سەدە ڕەخنەیان ئاراستەی ئایین کردووەو شۆڕشو ئالگۆڕەکان پاشەکشەیان بە ئایین کردووەو ئایینیەکانیان ناچار کردووە کە زۆرتر ڕەهەندی ڕۆحی ئایین بەرجەستە بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بەشیک لەوان لە عەلمانی ترین کۆمەڵگاکانیشدا کۆڵ نادەنو تەقەلا دەکەن کە ڕۆڵی خۆیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیو دەسەڵاتدا بژێننەوە.

## ئایا دەشێت ئایین ڕەهەندێکی سیاسی هەبێت بۆ ململانێ لەگەڵ گروپە سیاسیەکاندا؟

من دیارە وەک لە سەرەوە ئامەژەم پێدا خەباتکاری ڕێگای ئەوەم کە ئایین هیچ ڕۆڵیکی لە ژیانی سیاسیدا نەبێت. بەڵام ئەگەر ئەم دەشێتو ناشێتە بۆ ئەوە بێت کە ئاحزابێک کە لەسەر بنەمای ئایین دامەزراون ڕێگەیان پێ نەدرێت، من موخالیفی ئەمە دەبم. من پێم وایە عەلمانیەکی ئازادیخواز نابێت دروشمی جیاکردنەوەی ئایینو سیاسەت هەڵبگرێت. دروشمی ڕاستەقینە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتە نەک لە سیاسەت. تاکەکانی کۆمەڵگا سیاسەت دەکەنو هەریەک ئایدۆلۆژیایەک بۆ سیستیماتیک کردنی بیرکردنەوەی سیاسی خۆی بەکار دەهێنن. کاری منو تۆو هیچ دەسەڵاتیک نییە ئایدۆلۆژیای ڕیپێدراوو ڕێپێنەدراو لە کایەی سیاسی دیاری

بکەین. ئێمە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین، کە دەسەڵاتو دەوڵەت نابێت ئایدۆلۆژیای ڕەسمی هەبێت، هیچ ئایدۆلۆژیایەک نە ئاینیو نە غەیری ئاینی.

وەک چۆن منێکی کۆمۆنیستی مارکسیست بۆم نییە سبەینێ لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بۆ ئەوەی دەنگی زۆرتر لە هەڵبژاردن بهێنم بڵێم لەبەرئەوەی مارکس لە کیتابی سەرمایەداو مەنسور حکمەت لە (بەرنامەی دنیای باشتردا) فلانو فیساریان ووتووە خەڵکە دەبێت ئێوە دەنگ بە من بدەن، هەروا ئیسلامیەکیش نابێت لەسەر بنەمای حەدیسو قورئان دەنگی خەڵک کۆبکاتەوە. با ئیسلامیەکانو بێنو بۆ کۆمەڵگای بسەلمینن کە چەند ژنەو بڕینی دەستی دزانو سەنگەسارکردنی ژنانو عاشقانو تەمبێ کردنی ژنانو منالان بە لێدانو ئازاری جەستەییو درێژەدان بە حوکمی ئیعدامو سەرپەڕاندنی تاوانکارانو دیاریکردنی درێژیو کورتی جلوبەرگی ژنانو ڕیشی پیاوانو داسەپاندنی حیجاب بەسەر ژنانو جیاکردنەوەیان لە پیاوان لە خوێندنو کارکردنو...هتد، سزادانی مەشروبخۆران بە قامچی لە بەرچاوی خەڵکداو پاریزگاری کردن لە کۆیلایەتی کرێگرتەو خاوەندارێتی تایبەتی لە قازانجی کۆمەڵگادایە، با هەوڵ بدەن کە خەڵک بەم بەرنامە عاجباتیانەی خۆیان قانع بکەنو ببنە حکومەت. کە بووشن بە حکومەت وەک چۆن منیکی کۆمۆنیست ناتوانمو نابێت ڕێگام هەبێت، ئەگەر دەسەڵاتم گرت، ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بکەمە ڕەسمیو لە مەکتەبەکان بە زۆر بە منالی بخوێنمو مارکسیزم بکەمە سەرچاوەی یاسادانان، ئیسلامیەکیش نابێت مۆڵەتی پێ بدرێت ئیسلام بکاتە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی دەسەڵاتو منالی لە پەڕەی گوڵ ناسکتر بە حیکایەتە ترسناکەکانی قورئانو بکوژەو ببڕە گۆش بکاتو ئیسلام بکاتە بنەماو سەرچاوەی یاسادانان.

من نەک تەنها ئیسلامیەکان، خۆم بە موخالیفی ئاینی ئیسلامیش دەزانم، بەڵام ئەم موخالەفەتەم لە بڕوای قووڵم بە ئازادی سیاسی بێ قەیدو شەرت گەورەتر نییە. بە بڕوای من ئیسلامیەکان تا کاتیک زمانی هەڕەشەو تیرۆر بەکاردەهێنن دەبێت وەک هەر تاوانکاریک بخرینە زیندانەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە شەڕیان پاریزراو بێت. ئەحزابی تیرۆریستی ئیسلامی دەبێت وەک هەر باندیکی تاوانکاری تر قەدەغە بنو قەلاچۆ بکرێن. بەڵام پێم وایە هەر کەسێک، بە هەر ئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕێکەوە، تەنانەت بیروباوەڕی فاشیستیو ئیسلامیش، دەبێت ئازاد بێت هەڵسوڕانی سیاسیو حزبی بکات.

مەسەلەیەکی تر کە زۆر گرنگە سەبارەت بە ئیسلامیەکان لە بەرچاو بگیرێت ئەوەیە، کە دامەزراوە ئایینیەکانی کۆمەڵگا نابێت ببێتە سەرچاوەو سەرمایەی ئەوان. مزگەوتەکان نابێت جیگای کۆبوونەوەو هەڵخڕاندنی هیزە ئیسلامیەکان بێت. مینبەری مزگەوتەکان نابێت لە لایەن کەسانی حزبیو سەر بە هێزە ئیسلامیەکانەوە بۆ بانگەشەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ بیرو باوەڕی سیاسیو سیاسەتەکانی ئەو هێزە ئیسلامیانە سوودی لی وەربگیرێت. داموو دەزگا ئایینیەکانی کۆمەڵگا نابێت بە هیچ جۆریک لە بن دەستی ئەم حزبانەدا بێتو نابێت ئەو داموودەزگایانە بێ حیسابو کیتابو چاودێری کردن بێت. سەرچاوەی داهاتی ئەم حزبانە دەبێت قابیلی کۆنترۆڵکردنو چاودێری کردن بێت.